گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 5 2024
ID No. 2187(PP 168-182)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.11

توێژینەوە

# پرۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بە جێکەوتەوە(پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناویو ئاوەڵکرداری بە نموونە)

**هەژار حسێن والی/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان بە تایبەت لە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوەدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە (ا) پرۆژە سینتاکسییەکان بەرهەمی فەرهەنگن لە فەرهەنگەوە سەرچاوەدەگرن، (ب) سەرە ڕێزمانییەکان دەبنە هەڵگری ناوی پرۆژەکان، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی خستنەڕووی پرسیارێکی وەک: ئایا مەرجە هەر پرۆژەیەکی سینتاکسی لێکەوتەی (X)ێکی دیاریکراو بێت؟ یاخود ئایا ڕێتێدەچێت یەک پۆلەرەگەزی فەرهەنگی دوو پرۆژەی سینتاکسی جیاواز بەرهەمبهێنێت؟ کە لە چوارچێوەی سێ گریمانەدا (ا- گریمانەی دوو پۆلەرەگەزی فەرهەنگی بە دوو دەروازەی فەرهەنگییەوە، ب- گریمانەی یەک پۆلەرەگەزی فەرهەنگی بە دوو دەروازەی فەرهەنگییەوە، پ- گریمانەی یەک پۆلەرەگەزی فەرهەنگی بە یەک دەروازەی فەرهەنگییەوە) هەوڵی دەستخستنی وەڵامێکی گونجاوی بۆ دراوە، کارمان لەسەر دروستکردنی ئەو پرۆژە سینتاکسیانە (پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناویو ئاوەڵکرداری بە نموونە) کردووە، کە پۆلەرەگەزە نیشانەکراوەکان بەهۆی جێکەوتەوە سازیاندەکەن. توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە بە یارمەتی جێکەوتەی سینتاکسی دەتوانرێت پرۆژەی ئاوەڵناوی لە "ناوی نیشانەکراو/ ناوی هەڵگری ئەدگاری ئاوەڵناویو پلە"، فرێزی ئاوەڵکرداریش لە "ناوی کاتو ناوی شوێنو ئاوەڵناوو پلە" بەرهەمبهێنرێت.

CORRESPONDENCE
**هەژار حسێن والی**
hazhar.wali@chu.edu.iq

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2024/05/04 |
| پەسندکردن | 2024/07/06 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/10/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
فەرهەنگ،
دەروازەی فەرهەنگی،
جێکەوتە،
پرۆژەی ئاوەڵناوی،
فرێزی ئاوەڵکرداری.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

### ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، کە ناونیشانەکەی (پرۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بە جێکەوتەوە "پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناویو ئاوەڵکرداری بە نموونە")یە، هەوڵێکەو لەمیانەیدا کاریگەریی جێکەوتە/ جێکەوتەی سینتاکسی لە بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا خراوەتەڕوو.

### ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

لە کاتێکدا هەمبەر بە فەرهەنگ، جێکەوتەیش ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم بابەتە وەک پێویست جێی سەرنجی لێکۆڵەران نەبووەو هیچ کارێکی سەربەخۆی لەبارەوە ئەنجامنەدراوە. ئەمەش هۆو پاساوێکی بەهێزە بۆئەوەی توێژینەوەیەک بۆ ناونیشانێکی لەو جۆرە تەرخانبکرێت.

### ٣/٠) ڕێبازو کەرەستەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێبازی "پەسنیی شیکاری"، لە سنووری "زاری ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی"دا کار لەسەر ناونیشانەکە کراوە، لەبەرئەوە نموونەو کەرەستەکانی توێژینەوەکە لە ئاخاوتنی ئاخێوەرە ڕەسەنەکانی زارەکەوە/ شێوەزارەکەوە وەرگیراون.

### ٤/٠) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییەو پوختە (بە زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی)و ئەنجامو لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، لە دوو پاری سەرەکی، کە ئەوانیش هەریەکەیان دوو وەچەپار لەخۆدەگرن، پێکهاتووە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

١) چوارچێوەی تیۆری

١/١) جێکەوتە، پەسنکردنو لێکدانەوە

٢/١) پرۆژە سینتاکسییەکان لە نێوان فەرهەنگو جێکەوتەدا

٢) جێکەوتەو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناویو ئاوەڵکرداری

١/٢) جێکەوتەو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناوی

٢/٢) جێکەوتەو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵکرداری

## ١) چوارچێوەی تیۆری

### ١/١) جێکەوتە، پەسنکردنو لێکدانەوە

جێکەوتە زاراوەیەکە لە زانستی زماندا بۆ شوێنە ئەرک جیاوازەکان لەناو یەکەیەکی زمانەوانیدا بەکاردێت. بۆ نموونە فۆنێمەکان لەناو برگەو مۆرفیمەکان لەناو وشەو وشەکانیش لەناو ڕستەدا. بڕوانە: (Crystal, D., 2008: 375). فۆنێمەکان، کە دەنگەکان بەرجەستەیاندەکەنو بۆ ڤاوڵو کۆنسۆنانت پۆلدەکرێن، لە چوارچێوەی برگەدا جێکەوتەی دیاریکراوی خۆیانیان هەیە. بڕوانە هێڵکاریی (١).




هێڵکاریی (١)

هێڵکاریی (١) دروستەی هەرەمیی برگە بە مۆدێلی وەچەپێکهاتەی برگە (Syllable Constituent Model) پیشاندەدات. بەپێی ئەم مۆدێلە برگە لە وەچەپێکهاتەکانی سەرەتای برگە (Onset)و سەروا (Rime /Rhyme) پێکدێت. سەرواش کرۆکی برگە (Nucleus)و کۆتایی برگە (Coda) لەخۆدەگرێت. بڕوانە: (Kenstowicz, M., 1994: 252-253)، (Roca, I., 1994: 141). وەک لە هێڵکارییەکەوە،

کە برگەی /شیر/ دەنوێنێت، دەردەکەوێت، وەچەپێکهاتەکانی سەرەتاو کۆتایی برگە، جێکەوتەی دەنگە کۆنسۆنانتەکانە، بەڵام وەچەپێکهاتەی کرۆک ڤاوڵەکان، کە توخمی بەدەسەڵاتو بەرهەمهێنی پرۆژەی برگەن، پێکیدەهێنن. شایەنی گوتنە بۆ دروستکردنی برگە لە زمانێکدا، ڤاوڵو کۆنسۆنانتەکانی زمانەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ناخرێنەپاڵیەکتر، بەڵکو بەدواییەکداهاتنیان پەیوەستە بە چەند قەیدو مەرجو یاسایەکی دیاریکراوەوە، کە پێیاندەگوترێت فۆنۆتاکتیک.

ئەوەی پەیوەندیی بە جێکەوتەی مۆرفیمەکانەوە لەناو وشەدا هەبێت، مۆرفیمەکانی دارشتن، کە هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژینو وشەی دارێژراو ڕۆدەنێن، بەپێی ئەو شوێنەی، کە لە پێکهاتەی فۆرمە مۆرفۆلۆژییە دارێژراوەکاندا دەیگرن، دەبن بە سێ جۆرەوە. جۆری یەکەمو دووەم ئەوانەن، کە لە پێشو دواوەی بناغەوە دێنو بە "پێشگر"و "پاشگر" ناودەبرێن. جۆری سێیەم ئەو مۆرفێمانەن، کە دەچنەناو بناغەوەو پێیاندەگوترێت "ناوگر". ئەو لێکۆڵینەوانەی لە زمانی کوردیدا لەبارەی پێواژۆکانی وشەدروستکردنەوە ئەنجامدراون، ئەوەیان دەرخستووە، کە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی لکاوە، واتە بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێی دارێژراو لە زمانەکەدا تەنها لە ڕێگەی پێشگرو پاشگرەوە، لە جەمسەری بنەغەکانەوە دەبێت*. بڕوانە (١).

(١) ا. گرتن ⟵ بناغە

ب. هەڵگرتن ⟵ فۆرمی مۆرفۆلۆژیی دارێژراو بەهۆی پێشگرەوە

پ. گرتنەوە ⟵ فۆرمی مۆرفۆلۆژیی دارێژراو بەهۆی پاشگرەوە

ت. هەڵگرتنەوە ⟵ فۆرمی مۆرفۆلۆژیی دارێژراو بەهۆی پێشگرو پاشگرەوە

لەو ڕوانگەیەوە، کە "جێکەوتەیەک مەرجێکی دیاریکراو بەسەر ئەو وشانەدا دەسەپێنێت، کە دەکرێت لەو جێکەوتەیەدا بێن"، (Gamallo, P. & Agustini, A. & Lopes, G., 2005: 108)، پەیوەست بە جێکەوتەی وشەکانەوە لەناو ڕستەدا، لە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە (Government and Binding Theory) دوو جۆر جێکەوتە لە یەکتر جیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە جێکەوتەی ئارگۆمێنت (argument-position/ A-position)و جێکەوتەی نائارگۆمێنت (non-argument-position/ $\bar{A}$-position). لە خوارەوە دیدو سەرنجی چۆمسکیو چەند زمانەوانێکی دیکە، لەبارەی ئەو دوو چەشنە جیاوازەی جێکەوتەوە دەخەینەڕوو.

- جێکەوتەی ئارگۆمێنت ئەو جێکەوتەیەیە، کە لە دروستەی قووڵدا دەشێت ئارگۆمێنتێکی وەک ناوێک، یان بگۆڕێک (a variable) تیایدا دەربکەون. ئەم جێکەوتەیە جێکەوتەیەکی پێشبینیکراوە بۆ سێتا ڕۆڵ. (Chomsky, N., 1988: 47).

- جێکەوتە ئارگۆمێنتییەکان ئەو جێکەوتانەن، کە دەکرێت خاوەنی سێتا ڕۆڵ، یان دۆخی ڕێزمانی بن. (Mahajan, A., 1989).

- جێکەوتە ئارگۆمێنتییەکان جێکەوتە سیمانتیکییەکانو دیاریکەرەکان (Specifiers)ی (AGR)ن. (Rizzi, L., 1991).

- جێکەوتە ئارگۆمێنتییەکان ئەو جێکەوتە سەرەکیانەن، کە ئەرکە ڕێزمانییەکانی وەک بکەرو بەرکار تیایاندا دەردەکەون. جێکەوتە نائارگۆمێنتییەکانیش ئەو جێکەوتە لاوەکییانەن، کە پەیوەست نین بە ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە. (Haegeman, L., 1996: 116).

- جێکەوتەی ئارگۆمێنت جێکەوتەیەکە، تیایدا ئیلیمێنتێک ڕۆڵێکی سیمانتیکی وەردەگرێت، کە لەلایەن پریدیکاتی سەرەکیی کلۆزەکەوە بۆی تەرخاندەکرێت. (Baltin, M., 2001: 226).

- جێکەوتەی نائارگۆمێنت ئەو جێکەوتەیەیە، کە خاوەنی سێتا ڕۆڵ نییە، وەک جێکەوتەی ئایتمە پرسەکان. (Crystal, D., 2008: 1).

بەرمەبنای بۆچوونی ئەو زمانەوانانە بەوە دەگەین، کە جێکەوتەی ئارگۆمێنت جێکەوتەی کەرەستە خورتییەکانی وەک بکەرو بەرکارە لە ڕستەدا، کە لەلایەن ($X^0$)ەکانەوە لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەیان پێدەدرێتو لە دروستەی ڕووکەشیشدا دۆخی ڕێزمانیان بۆ دادیندەکرێت. لە بەرانبەردا جێکەوتەی نائارگۆمێنت جێکەوتەی کەرەستە سەربارەکانە، کە بوونیان سەرپشکییەو هاتنیان لە ڕستەدا

---

* لە هەندێک سەرچاوەدا چەند نموونەیەک، کە زیادبوونەکەیان لە جەمسەرەوە نییەو لە ناوەندی وشەکانەوەیە، وەک بەڵگە بۆ ئەگەری بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا هێنراونەتەوە، بڕوانە (١).

(١) شەق - شەبەق

بوردن - بواردن

ئاسار - ئاسەوار، . . .

لەبەرئەوەی ئەم نموونانە ژمارەیان کەمو دیاریکراوە، بۆیە بە بۆچوونی زۆربەی لێکۆڵەران، نابنە ئارگۆمێنتێکی بەهێز بۆ پاڵپشتیکردنی بیرۆکەی هەبوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا.

تەنها بۆ واتاو زانیاریی واتاییە، لەبەرئەوە سەرە ڕێزمانییەکان تەنها حوکمیاندەکەن، بەبی ئەوەی ڕۆڵو دۆخیان پێببەخشن. بڕوانە (٢).

| (٢) من | ئەمشەو | ڕۆمانەکەم | تەواوکرد. |
| --- | --- | --- | --- |
| جێکەوتەی ئارگۆمێنت | جێکەوتەی نائارگۆمێنت | جێکەوتەی ئارگۆمێنت | |

جێی باسە "هەندێک ڕۆڵ هەن، کە بۆ جێکەوتەی سینتاکسیی دیاریکراو تەرخانکراون. بۆ نموونە کارایەک (an Agent) هەمیشە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە"، (Meltzer-Asscher, A., 2012: 177)، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان (Expletives)ی وەک (It, There)یە هەرچەندە لە جێکەوتەی ئارگۆمێنتی دەرەکیدا/ جێکەوتەی بکەردا دێن، کەچی ڕۆڵی بابەتانەیان نییە، هەربۆیە چۆمسکی گوتویەتی: "جێکەوتەی بکەر هەم دەکرێت جێکەوتەی سێتا بێتو هەم دەکرێت جێکەوتەی سێتا نەبێت. ئەمەش دەکەوێتەسەر تایبەتمەندییەکانی (VP)یەکە". (Chomsky, N., 1988: 47). بڕوانە (٣).

(3) a- It's raining.

b- There are many people at the bus stop.

لەبەرئەوەی ئینگلیزی زمانێکی بکەرخراو نییە، بۆیە لە نموونەکانی (٣)دا (It, There)یە لەڕووی ڕێزمانییەوە جێکەوتەی بکەریان پڕکردووەتەوە، ئەگینا لەڕووی لۆژیکییەوە بکەر نینو ڕۆڵی واتاییشیان وەرنەگرتووە.

هەر پەیوەست بە جێکەوتەی وشەکانەوە لەناو ڕستەدا، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە لەسەر بنەمای ڕیزبەندیی بکەرو بەرکارو کردار (ئارگۆمێنتە خورتییەکان) لە ڕستەی سادەی زمانەکانی جیهاندا، شەش جۆر سەرەوڕیزبوونی وشە/ قاڵبی ڕستە جیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: (SOV)، (SVO)، (VSO)، (VOS)، (OVS)، (OSV). لەنێو ئەو شەش قاڵبەدا، لێکۆڵەرانی کورد زمانی کوردییان لە ڕیزی ئەو زمانانە داناوە، کە پەیڕەوی لە سەرەوڕیزبوونی (SOV) دەکەن، واتە لە ڕێکخستنو بەدواییەکداهاتنی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستەدا، بکەر لە پێش بەرکارەوە دێنو کرداریش دەخەنە دوای بەرکارەکەوە، بەڵام بەوپێیەی لە زمانی کوردیدا بەپێی سروشتو جۆری کردار، پرۆژەی فرێزی کرداریی جیاواز بەرهەمدێت، ئەمە وایکردووە، کە بشێت ژمارەی ئارگۆمێنتی خورتیی ڕستە سادەکانی زمانەکەو چۆنیەتیی ڕیزبوونیان وەکیەک نەبێتو لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی دیکە بگۆڕێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (والی، ٢٠٢٣: ١١٨-١٢١).

## ٢/١ پرۆژە سینتاکسییەکان لە نێوان فەرهەنگو جێکەوتەدا

لەو ڕوانگەیەوە، کە "نواندنەکان لە هەر ئاستێکی سینتاکسی (دروستەی قووڵ، دروستەی ڕووکەش، فۆڕمی لۆژیکی)دا بن، پرۆژەی فەرهەنگو پابەندی تایبەتمەندییەکانی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکانن"، (Chomsky, N., 1988: 29)، بونیاتانی دروستە سینتاکسییەکان لە فەرهەنگەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت. توخمە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەی سینتاکس، کە مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکانو وشەکانن، بەپێی زانیارییە سینتاکسییە تیاهەڵگیراوەکانیان، پرۆژەی سینتاکسیی فرێز ($\bar{X}$ / XP) بەرهەمدەهێنن. نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو ئەو توخمانە لە دوو دیوی ناوەکی (فەرهەنگی)و دەرەکی (سینتاکسی)دا دەبێت. لە نواندنە ناوەکییەکەدا لە ڕێگەی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن (Sub-Categorization)ەوە ویستی توخمەکان/ ($X^0$)ەکان لە وەرگرتنی کەتیگۆریی جیاواز وەک تەواوکەر دیاریدەکرێت. بڕوانە: (Borsley, R., 2003: 66). هەرچی نواندنی دیوی دەرەکیی زانیارییەکانە، ئەمیان بەهۆی تیۆری (X-bar)ەوە دەبێت. (X-bar) توخمە پێکهێنەرەکانی فرێز بۆ گشت زمانەکان، کە بریتین لە "سەرێکی ڕێزمانی (a Head)، تەواوکەرێک (a Complement)، دیاریکەرێک (a Specifier)" دەستنیشاندەکات. شایەنی گوتنە فرێزەکان بە ناوی سەرە ڕێزمانییەکانەوە ناودەبرێنو دەناسرێنەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە سەرەکان دروستکەری فرێزەکانن. بڕوانە: (Lasnik, H. & Depiante, M. & Stepanov, A., 2000: 129).

دوای ئەوەی زانیمانو بۆمان دەرکەوت، کە (ا) دروستە سینتاکسییەکان پرۆژەی فەرهەنگنو لە فەرهەنگەوە سەرچاوەدەگرن، (ب) سەرە ڕێزمانییەکان دەبنە هەڵگری ناوی فرێزەکان، ئێستا ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرنگ دەبینەوە، کە دەکرێت بە دوو شێوە بیخەینەڕوو. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا مەرجە هەر پرۆژەیەکی سینتاکسی لێکەوتەی (X)ێکی دیاریکراو بێت؟ ئایا ڕێیتێدەچێت یەک پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی دوو پرۆژەی سینتاکسیی جیاواز بەرهەمبهێنێت؟

پرسیارێکی وردو ئاڵۆزی لەم جۆرە، کە لە هەمانکاتدا پەیوەندیدارە بە فەرهەنگو سینتاکسیشەوە، پێویستی بە ئەوە هەیە، لە ڕێگەی چەند گریمانەیەکەوە (وەک لە خوارەوە قسەیان لەسەر دەکرێت) هەوڵی دەستخستنی وەڵامێکی گونجاوی بۆ بدرێت.

### یەکەم: گریمانەی دوو پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی بە دوو دەروازەی فەرهەنگییەوە*

بەپێی ئەم گریمانەیە بێت، وەڵامی پرسیاری "ئایا مەرجە هەر پرۆژەیەکی سینتاکسی لێکەوتەی (X)ێکی دیاریکراو بێت؟" "بەڵێ"یەو وەڵامی پرسیاری "ئایا ڕێێتێدەچێت یەک پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی دوو پرۆژەی سینتاکسیی جیاواز بەرهەمبهێنێت؟"یش "نەخێر"ە، کە هەردوو وەڵامەکەیش پەیوەست بە پرسیارەکانەوە، لەڕووی واتاو مەبەستەوە پەیکاڵی یەکترن. گریمانەی دوو پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی بە دوو دەروازەی فەرهەنگییەوە وەهای دادەنێت، ئەو توخمە هاوفۆڕمانە**ی، کە پرۆژەی سینتاکسیی جیاواز بونیاتدەنێن، پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی جیاوازنو هەریەکەیان خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیانن. بەمپێیە وشەیەکی وەکو /کەر/ دەبێت لە فەرهەنگدا جارێک وەک پۆلەڕەگەزی ناوو جارێکیش وەک پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو تۆمارکرابێت. بڕوانە (٤-ا، ٤-ب). وشەیەکی وەکو /باش/یش دەبێت لە فەرهەنگدا وەک دوو پۆلەڕەگەزی جیاواز (ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار) هەڵگیرابێت. بڕوانە نموونەکانی (٥).

(٤) ا- کەر ئاژەڵێکی باربەری ماڵییە.

ب- هەتا بڵێی پیاوێکی کەرە!

(٥) ا- زەوییەکی زۆر باشم کڕیوە.

ب- ئەو ئێمە باش دەناسێت.

لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی لەم گریمانەیەدا خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئاڕاستەی کارکردنی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، کە جەختستنەسەر ڕۆڵی جێکەوتەیە لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا، یەکناگرێتەوە، هەربۆیە بڕوانە گریمانەی دووەم.

### دووەم: گریمانەی یەک پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی بە دوو دەروازەی فەرهەنگییەوە

تێڕوانینی ئەم گریمانەیە بەو جۆرەیە، کە توخمە هاوفۆڕمەکان لە فەرهەنگدا یەک دانەن، بەڵام دوو دەروازەی فەرهەنگیی جیاوازیان هەیە. کەواتە لێرەدا وەها دانانرێت، کە وشەیەکی وەکو /کەر/ جارێک وەک ناوو جارێکیش وەک ئاوەڵناوو وشەیەکی وەکو /باش/یش جارێک وەک ئاوەڵناوو جارێکیش وەک ئاوەڵکردار لە فەرهەنگدا گەنجکرابێتن، بەڵکو بەپێی گریمانەی یەک پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی بە دوو دەروازەی فەرهەنگییەوە، یەک وشەی /کەر/و یەک وشەی /باش/ لە فەرهەنگدا هەن، کە یەکەمیان خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە ناوو دەروازەیەکی فەرهەنگیش تایبەت بە ئاوەڵناوەو دووەمیشیان خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە ئاوەڵناوو دەروازەیەکی فەرهەنگیش تایبەت بە ئاوەڵکردارە.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە (لێکدانەوەکانی گریمانەی دووەم) بە خشکەیی ئەوە دەستەبەردەکەن، کە لە فەرهەنگدا توخمە هاوفۆڕمەکان لەڕووی جۆری پۆلەڕەگەزەوە مارکەیان لێنەدراوە، بەڵکو لە سینتاکسدا بەپێی ئەو جێکەوتەیەی، کە دەیگرنو ئەو پرۆژەیەی، کە بە یارمەتیی جێکەوتەکە سازیدەکەن، پۆلەڕەگەزەکەیان نیشانەدەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (ا) مەرج نییە هەر پرۆژەیەکی سینتاکسی لێکەوتەی (X)ێکی دیاریکراو بێت، (ب) ڕێێتێدەچێت یەک پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی دوو پرۆژەی سینتاکسیی جیاواز بەرهەمبهێنێت.

ئەگەرچی دیدو سەرنجی ئەم گریمانەیە لەڕووی دەرخستنی کاریگەریی جێکەوتە لە بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا، لەگەڵ مەبەستی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پەیکاڵ دەبێت، بەڵام لە لایەکەوە ئەو بۆچوونەی، کە پێیوایە "وشە فرەواتاکان پەیوەستن بە یەک دەروازەی فەرهەنگییەوە"، (Tao, Y., 2015: 22)، لە لایەکی دیکەشەوە گەیاندنی چەمکو واتای ئاوەڵکرداری لە ڕێگەی پێواژۆیەکی سینتاکسیی وەک دووبارەکردنەوەی هەمان فۆڕمو بەهۆی فرێزی پێشناوییەوە (بڕوانە نموونەی _٦_و _٧_)، دەبنە نەنگیو

* دەروازەی فەرهەنگی (Lexical entry) ئەو بەشەی فەرهەنگە، کە ڕوونکردنەوە لەبارەی تایبەتمەندییەکانی تاکە توخمێکی فەرهەنگییەوە دەدات. سەرباری زانیارییە فۆنۆلۆژیو سیمانتیکییەکان، دەروازەی فەرهەنگی بە لایەنی کەمەوە زانیاریی ڕێزمانیی وەک: جۆری کەتیگۆری، پۆلەڕەگەزدیاریکردن، یاخود هەر دیاردەیەکی ڕێزمانیی ناوازە (مۆرفۆلۆژی بێت، یان سینتاکسی) لەخۆدەگرێت. بڕوانە: (Trask, R., 1993: 156).

** مەبەست لە توخمە هاوفۆڕمەکان لەم توێژینەوەیەدا ئەو وشانەن، کە دەتوانرێت بە هەمان فۆڕمەوە وەک ناوو وەک ئاوەڵناویش، یان وەک ئاوەڵناوو وەک ئاوەڵکرداریش، یاخود . . . بەکاربهێنرێن.

کەموکورتی بۆ شیکردنەوەکانی گریمانەکە، چونکە ئەگەر وشە فرەواتاکان تەنها یەک دەروازەی فەرهەنگییان هەبێت، ئەوا چاوەڕواندەکرێت وشە هاوفۆڕمەکانیش هەر بەو جۆرە بن. هەروەها دروستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (٦)و (٧)یش ئەوە دەردەخەن، مەرج نییە تەنها ئەو توخمانە گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییان هەبێت، کە یان خۆیان لە بنەڕەتدا ئاوەڵکردارن (واتە ئاوەڵکرداری فەرهەنگین)، یاخود وەک ئەوەی گریمانەکەی ئێرە (گریمانەی دووەم) مەزەندەیدەکات، سەرباری دەروازەی فەرهەنگیی دیکە، دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە ئاوەڵکرداریشیان هەیە.

(٦) قوتابییەکان یەک یەک هاتنە پۆلەکەوە.

(٧) ئەوان بە خێرایی وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە.

لەبەر بوونی ئەو تێبینیانەی، کە لەسەر ئەم گریمانەیە هەنو ئاماژەمانپێدان، ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی لە گریمانەی دووەمیش ناکات، هەربۆیە بڕوانە گریمانەی سێیەم.

## سێیەم: گریمانەی یەک پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی بە یەک دەروازەی فەرهەنگییەوە

لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە (کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پەسەندیدەکەین)، توخمە هاوفۆڕمەکان هاوشێوەی توخمە بەدەسەڵاتەکانی دیکە، لە فەرهەنگدا خاوەنی یەک پۆلەڕەگەزی دیاریکراوو یەک دەروازەی فەرهەنگیی دیاریکراون، بەڵام ئەوەی توخمە هاوفۆڕمەکان لە توخمە بەدەسەڵاتەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە لە دەروازەی فەرهەنگیی توخمە هاوفۆڕمەکاندا، نیشانەیەکی/ ئەدگارێکی پۆلەڕەگەزێکی تر هەیە، کە بەهۆیەوە توخمە هاوفۆڕمەکان دەتوانن لە جێکەوتەی پۆلەڕەگەزەکەی تردا بێن. بەمپێیە وشەی /کەر// ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناوی لەبەر هەبوونی ئەدگاری ئاوەڵناوی، ڕوودانی ئاوەڵناو_ئاسای لەو جێکەوتە سینتاکسییانەدا دەبێت، کە ئاوەڵناو تیایاندا گۆدەکات. بڕوانە: (مەحویی، ٢٠١٤). هەروەها وشەی /باش// ئاوەڵناوو ناوی کاتو ناوی شوێن لەبەرئەوەی نیشانەی [+ چۆنیەتی]و [+ کات]و [+ شوێن]یان هەیە، بۆیە دەرفەتی دەرکەوتنیان لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنیەتیو ئاوەڵکرداری کاتیو ئاوەڵکرداری شوێنی بۆ دەڕەخسێت.

توخمە هاوفۆڕمەکان لەگەڵئەوەی لە فەرهەنگدا پۆلەڕەگەزەکەیان مارکەلێدراوە، کە ئەمەش وادەکات، دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەتیان پەیوەست بە جۆری پۆلەڕەگەزەکەیانەوە هەبێت، بەڵام کاتێک بەهۆی هەبوونی نیشانەو ئەدگاری پۆلەڕەگەزێکی دیکەوە، لە جێکەوتەی سینتاکسیی پۆلەڕەگەزەکەدا ڕوودەدەن، ئەوا دەروازە فەرهەنگییەکەیان لەدەستدەدەنو دەروازەیەکی نوێی سینتاکسییان بۆ دروستدەبێت. بۆ نموونە ناوە نیشانەکراوەکان لە فەرهەنگدا دەروازەیەکی وەک (٨)یان هەیە، بەڵام کە لە سینتاکسدا دەچنە جێکەوتەی ئاوەڵناوەوە، ئەوا جێکەوتەکە لە ناوێتییان دەخات، هەربۆیە دەروازە فەرهەنگییەکەیان بۆ دەروازەیەکی سینتاکسیی وەک (٩) دەگۆڕێت. بڕوانە هێڵکاریی (٢). هەرچی ئاوەڵناوەکانە، ئەوا لە فەرهەنگدا دەروازەکەیان بەو جۆرەیە، کە لە (١٠)دا دەستنیشانکراوە، بەڵام لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداردا لە ئاوەڵناوێتی دەکەون، بەمەش دەروازە فەرهەنگییەکەیان نامێنێتو دەروازەیەکی سینتاکسیی وەک (١١)یان، کە گوزارشت لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵکردار دەکات، بۆ پەیدادەبێت. بڕوانە هێڵکاریی (٣).

(٨) ناوی نیشانەکراو لە فەرهەنگدا
+ بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەری
+ حوکمکراوو دۆخوەرگر
+ ئەدگاری ئاوەڵناوی
- دیاریکەری پارامێتەر

(٩) ناوی نیشانەکراو لە جێکەوتەی ئاوەڵناودا
+ بەرهەمهێنەری پرۆژەی ئاوەڵناوی
+ حوکمکەرو دۆخدەر
+ نیشانەی چۆنیەتی
+ دیاریکەری پارامێتەر

(١٠) ئاوەڵناو لە فەرهەنگدا
+ بەرهەمهێنەری پرۆژەی ئاوەڵناوی
+ حوکمکەرو دۆخدەر
+ نیشانەی چۆنیەتی
+ دیاریکەری پارامێتەر

(١١) ئاوەڵناو لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا

+ بەرهەمهێنەری فرێزی ئاوەڵکرداری
+ حوکمکراو
- دۆخدەرو دۆخوەرگر
+ نیشانەی چۆنیەتی
- دیاریکەری پارامێتەر




هێڵکاریی (٢)




هێڵکاریی (٣)

لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەو لێکدانەوەکانی گریمانەی سێیەم، کە پوختەکەی ئەوەیە: "جێکەوتە دەبێتەهۆی ئەوەی پۆلەڕەگەزە نیشانەکراوەکان بتوان وەک پۆلەڕەگەزی دیکە بەکاربهێنرێن"، دەمانەوێت بپرسین، کە جێکەوتە چۆن ڕۆڵ لە بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا دەبینێت؟

ڕۆڵبینینەکە بە دوو شێوە دەبێت، شێوەیەکیان ڕۆڵێکی تەواوکارییەو ئەوی تریشیان ڕۆڵێکی ئاساییە. لە ڕۆڵی تەواوکاریدا جێکەوتە دەبێتە ئەلتەرناتیڤی فەرهەنگ، ئەمەش وادەکات پرۆژە سینتاکسییەکان لەبری ئەوەی بەپێی جۆری کەتیگۆرییەکانی ناو فەرهەنگ/ جۆری توخمە فەرهەنگییە پرۆژەسازدەرەکان بناسرێنەوەو ناویانلێبنرێت، پەیوەست بە جێکەوتەوە ناویانلێدەنرێت. ڕێزمانی بەرهەمهێنان وایدادەنێت، کە پێرەوی زمان لە هەردوو پێکهاتەی فەرهەنگو ڕێزمان پێکهاتووە. فەرهەنگ مەڵبەندی هەموو ئەو زانیارییە زمانییانەیە، کە لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراونو ڕێزمانیش شوێنی نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانە. کەواتە فەرهەنگو ڕێزمان تەواوکەری یەکترن، هەربۆیە "دەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە چەمکیی‌و واتاییانەی لە فەرهەنگدا هەن، پشت بە ڕێزمان ببەسترێت، لەمەوە لەناو ڕێزماندا بەهۆی هەردوو پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسییەوە، ئەو واتایانەی لە فەرهەنگدا فۆرمیان بۆ دانەڕێژراوە، هەڵدەگوێزرێنو بەرهەمدەهێنرێن". (سەعید، ٢٠٢٠: ٢٠٠). لەم ڕووەوەیە، کە جێکەوتەی سینتاکسی وەک جێگرەوەی فەرهەنگ ڕۆڵ لە بونیاتنانی پرۆژەی سینتاکسیدا دەبێت. باشترین نموونەیش بۆ ئەم شێوە ڕۆڵەی جێکەوتە (ڕۆڵی تەواوکاریی جێکەوتە)، ئەو فرێزە ئاوەڵکرداریانەن، کە بەهۆی کەمی‌و سنووردارییی ژمارەی ئاوەڵکرداری فەرهەنگییەوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، لە کەتیگۆرییەکانی دیکەی وەک ناوو ئاوەڵناوەوە سازدەکرێن. بڕوانە ئەو نموونانەی، کە لە پاری دووەمرو لە وەچەپاری "جێکەوتەو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵکرداری"دا هێنراونەتەوە. هاوکات سەرنجی نواندنی نموونەکان لە ڕێگەی هێڵکارییەوە بدەو ئەو ڕوونکردنەوانەیش بەهەندوەربگرە، کە لەبارەی نموونەو هێڵکارییەکانەوە پێشکەشکراون.

لە ڕۆڵی ئاساییدا، جێکەوتە بە هەمان ڕێوشوێنو میکانیزمی ڕۆڵی تەواوکاری دەبێتەهۆی بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییەکان، واتە هەروەک چۆن لە ڕۆڵی تەواوکاریدا ناوێک/ ئاوەڵناوێک دەچووە جێکەوتەی کەتیگۆرییەکی وەک ئاوەڵکردارەوەو فرێزێکی ئاوەڵکرداری بەرهەمدەهێنا، لە ڕۆڵی ئاساییشدا ناوێک دەچێتە جێکەوتەی پۆلەڕەگەزێکی وەک ئاوەڵناوەوەو فرێزێکی ئاوەڵناوی پێکدەهێنێت. ئەی کەواتە ڕۆڵی تەواوکاریی جێکەوتەو ڕۆڵی ئاسایی جێکەوتە جیاوازییان لەچیدایە؟

جیاوازییەکە لەوەدایە، کە وەک پێشتریش ئاماژەپێدرا، لە ڕۆڵی تەواوکاریدا جێکەوتە دەبێتە تەواوکەر، یان ئەلتەرناتیڤی فەرهەنگو بەشێک لەو کەموکورتی‌و بۆشاییە فۆرمییانە پڕدەکاتەوە، کە لە فەرهەنگدا پەیوەست بە توخمێک، یان زیاترەوە هەن، هەر لەبەرئەمەشە، کە ئەو ڕۆڵەی جێکەوتە بە "ڕۆڵی تەواوکاری" ناوبراوە، بەڵام لە ڕۆڵی ئاساییدا جێکەوتە کەلێنو بۆشایی فەرهەنگ پڕناکاتەوە، چونکە هەروەک چۆن لەبەر کەمی ژمارەی ئاوەڵکرداری فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، ناو/ ئاوەڵناو جیکەوتەی ئاوەڵکردار دەگرێت، لەبەر هەمان هۆکار نییە، کە ناو دەچێتە جێکەوتەی ئاوەڵناوەوە، لە زمانی کوردیدا کەتیگۆریی

ئاوەڵناو بەو ئەندازەیە کەم نییە، تاوەکو پێویست بەوە بکات، کە لە ڕێگەی ناوەوە جیکەوتەکەی پڕبکرێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئاوەڵناو لە ژمارەیشدا لە ناو کەمتر بێت، ئەوا ڕێژەی گۆکردنی ئاوەڵناو (بەجێهێنانی ئەرکی ئاوەڵناو) لە ئاست ئەوەی ناو دایە. کە ئاوەڵناو ئەو ئەرکە گەورەیە جێبەجێبکات، دەبێت لەتەک ناوو کرداردا، پۆلەڕەگەزێکی سەرەکیی زمانەکە بێت. بڕوانە: (مەحویی، ٢٠١٤: ١٠٢). دەربارەی ڕۆڵی ئاسایی جێکەوتە لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا، بڕوانە ئەو نموونانەی (لەگەڵ هێڵکارییەکانیان)، کە لە پاری دووەمڕ لە وەچەپاری "جێکەوتەو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناوی"دا خراونەتەڕوو.

هەموو ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە پێشکەشکران، ئەو ئەنجامە دەستەبەردەکەن، کە لە ڕێگەی جێکەوتەی سینتاکسییەوە دەشێت "ناوەڕۆک و ئەرکی زیاتر بخرێتە سەر ئەو پۆلەڕەگەزانەی، کە خۆیان خاوەنی ناووناونیشانی تری فەرهەنگیین". (مەعرووف، 2020: 216). جا ئەو ناوەڕۆکو ئەرکە زیادەیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگی بێت، یاخود نا، هیچ لە پێوازۆی بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بە جێکەوتەوە ناگۆڕێت.

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین، کە بەوپێیەی واتای پرۆژەیەکی سینتاکسی (بە تایبەت پرۆژەی سینتاکسیی ڕستە) تەنها لە واتای توخمە پێکهێنەرەکانی پرۆژەکەوە دەستناخرێت، بەڵکو جێکەوتەی سینتاکسیو شتی دیکەش ڕۆڵیان لە دیاریکردنی واتاکەیدا هەیە، بۆیە بە گۆڕینی شوێنی توخمەکان لە پرۆژە سینتاکسییەکاندا، دەکرێت واتایش بگۆڕێت. بەمپێیە "جۆراوجۆری لە جێکەوتەی سینتاکسیدا ئەگەری گۆڕانی واتای سیمانتیکی دەهێنێتەئاراوە. شێلگیرانەتر بڵێین گۆڕانی سینتاکسی داواکارییەکی پێشوەختە دەبێت بۆ گۆڕانی سیمانتیکی"، (Degand, L. & Fagard, B., 2011: 30)، لەبەرئەوە "(Borer) پێیوانییە، کە سینتاکس لە دروستەی ئارگۆمێنتی دروستەیی پێکهاتبێت، بەڵکو باوەڕیوایە، کە واتای ئارگۆمێنتەکان ئەو جێکەوتەیە دیاریدەکات، کە لە سینتاکسدا هەر ئارگۆمێنتێک تیایدا دەردەکەوێت". (Rosen, S., 2007: 196). لە نموونەکانی (١٢-ا)و (١٣-ا) بڕوانەو لە لایەنی سیمانتیکییەوە بەوانەی (١٢-ب)و (١٣-ب) بەراوردیانبکە.

(١٢) ا- زیرەک ڕاستگۆیە.

ب- ڕاستگۆ زیرەکە.

(١٣) ا- پیاوەکەمر ئۆتۆمبێلەکەی چاککردەوە.

ب- ئۆتۆمبێلەکەی پیاوەکەمر چاککردەوە.

## ٢) جێکەوتەو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناویو ئاوەڵکرداری

### ١/٢) جێکەوتەو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناوی

پێش ئەوەی باسی ئەو پرۆژە ئاوەڵناوییانە بکەین، کە بەهۆی جێکەوتەوە لە کەتیگۆریی دیکەوە (کەتیگۆریی بەدەر لە ئاوەڵناوەوە) دروستدەکرێن، پێویستە بە کورتی ئاماژە بەو پرۆژە سینتاکسییانە بدەین، کە ئاوەڵناو خۆی وەک توخمێکی پرۆژەسازدەر بونیاتیاندەنێت، چونکە وەک ئاشکرایە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو یەکێکە لە سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکانو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناوی (AP) بەرهەمدەهێنێت، واتە لە بنەڕەتدا "سەری ڕێزمانیی فرێزی ئاوەڵناوی، ئاوەڵناوە". (Gelderen, E., 2017: 36). لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو تەواوکەرێک هەڵاوێردەکات، کە فۆرمە سینتاکسییەکەی فرێزی دیارخەری (DP) دەبێت. (DP)یەکە پرۆژەی مۆرفیمی خستنەپاڵی جیاوازە. ئەمەش دەبێتەهۆی جیاوازی لە دروستەی ئەو پرۆژانەی، کە ئاوەڵناوەکان دەبنە سەری ڕێزمانییان. ئەگەر سەری ڕێزمانیی فرێزە دیارخەرییەکە مۆرفیمی خستنەپاڵی /ـی/ بێت، ئەوا پرۆژە گەورەکە (ئەو پرۆژەیەی، کە تیایدا DPیەکە وەک تەواوکەری $A^0$یەکە گۆدەکات)، فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی دەبێت، (بڕوانە "١٤-ا"و نواندنەکەی لە هێڵکاریی "٤"دا)، بەڵام ئەگەر سەری ڕێزمانیی فرێزە دیارخەرییەکە مۆرفێمی خستنەپاڵی /ـە/ بێت، ئەوا پرۆژەکە پرۆژەیەکی پێش_فرێزیی ئاوەڵناوی/ دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناوی دەبێت، نەک فرێزێکی ئاوەڵناوی. پرۆژەی پێش_فرێزیی ئاوەڵناوی لەبەرئەوەی پرۆژەیەکە سەربەخۆیی بەکارهێنانی نییە، بۆیە دەبێتە تەواوکەری سینتاکسیی سەرێکی دیارخەریو لەناو (DP)یەکدا دەشکێتەوە. بڕوانە (١٤-ب)و هێڵکاریی (٥).

(١٤) ا- گوڵی سوورمر بۆ هێناویت.

ب- گوڵە سوورەکەمر بۆ برد.




هێلکاریی (٤)




هێلکاریی (٥)

ئەوەی خرایەڕوو، ئەو پڕۆژە ئاوەڵناوییانە بوو، کە پەیوەست بە فەرهەنگەوە ئاوەڵناو سازیدەکردن، بەڵام بێجگە لە ئاوەڵناو، پەیوەست بە جێکەوتەوە ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵناوییش/ ناوی ئاوەڵناویی مارکەلێدراویش دەتوانێت بونیاتی پڕۆژەی ئاوەڵناوی بنێت، چونکە "وشەیەک، کە سەر بە "پۆلەڕەگەزی ناو"ە، دەشێت ئەدگاری ئاوەڵناویی هەبێت و لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا ئەو ئەدگارەی دەربکەوێت. ئەو ناوانە ناوی نیشانەکراون marked nouns و بەگوێرەی چڕیی نیشانەکراوییان لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدان". (مەحوی، ٢٠١٤: ١١٠). جێی باسە ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکان هاوشێوەی ئاوەڵناوەکان، لەبارياندایە پڕۆژەی سینتاکسیی/ ئاوەڵناویی جیاواز (پڕۆژەی فرێزیو پڕۆژەی پێش_فرێزی) بەرهەمبهێنن. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(١٥) ا- کوڕی سەگ دابنیشە.

ب- کچی قەحپە وازبهێنە.

(١٦) ا- بە ڕاستی منداڵێکی بەرازە!

ب- بەخوا ژنێکی شەیتانە!

(١٧) ا- کوڕە سەگەکەت وایکرد.

ب- ژنە شەیتانەکە وایگوت.

لە هەر چوار نموونەکەی (١٥)و (١٦)دا ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکان (سەگ، قەحپە، بەراز، شەیتان) پڕۆژەی فرێزی ئاوەڵناوییان پێکهێناوە، بەڵام ئەوەی نموونەکانی (١٥) لە ئەوانەی (١٦) جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە لە (١٥)دا ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکان فرێزێکی دیارخەرییان وەک تەواوکەر وەرگرتووە، کە سەرە ڕێزمانییەکەی مۆرفێمی خستنەپاڵی /_ی/بەو تەواوکەرەکەشی ناوێکی گشتییە (بڕوانە هێڵکاریی _٦_)، کەچی لە (١٦)دا ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکان فرێزێکی دیارخەرییان وەک تەواوکەر هەڵاوێرکردووە، کە سەرەکەی دیسان هەر مۆرفێمی خستنەپاڵی /_ی/یە، بەڵام تەواوکەرەکەی ناوێکی گشتی نییە، بەڵکو پڕۆژەی فرێزێکی دیارخەرییە، کە دیارخەری مۆرفێمی نەناسراویی /_ێک/ دروستیکردووە (بڕوانە هێڵکاریی _٧_). ئەوەی پەیوەندیی بە نموونەکانی (١٧)وە هەبێت، کە لە هێڵکاریی (٨)دا نوێنراون، تیایاندا لەبەرئەوەی ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکان پڕۆژەی پێش_فرێزیی ئاوەڵناوییان سازکردووە، بۆیە لە چوارچێوەی (DP)دا شکاونەتەوە.



هێڵکاریی (٦)



هێڵکاریی (٧)



هێڵکاریی (٨)

بەدەر لەو ناوانەی، کە لە نموونەکانی (١٥-١٧)دا هێنراونەتەوە، ناوە خاوەنپیشەکانی وەک (دارتاش، ئاسنگەر، بۆیاخچی، . . . تاد)یش ئەدگاری ئاوەڵناوییان هەیە، بۆیە ئەمانیش کاتێک دەچنە جێکەوتەی ئاوەڵناوەوە، وەک توخمێکی پرۆژەسازدەر تەواوکەر وەردەگرن پرۆژەی ئاوەڵناوی (بە هەردوو جۆرەکەیەوە) پێکدەهێنن. بڕوانە نموونەکانی (١٨).

(١٨) ا- پیاوێکی دارتاش دەناسم، کە ئیشی زۆر جوانە.

ب- پیاوە دارتاشەکە وازی لە ئیشەکەی هێناوە.

ئەگەر (١٨-ا)و (١٨-ب) لە ڕێگەی هێڵکارییەوە بنوێنین، ئەوا هێڵکارییەکی هاوشێوەی هێڵکاریی (٧)و هێڵکاریی (٨)یان دەبێت.

کەتیگۆرییەکی دیکە، کە بشێت بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (attributive usage)ی هەبێت، پلە (degree)یە. پلەکان، کە لە زمانی کوردیدا /زۆر/و /کەمر/ دەگرێتەوە*، بڕوانە: (مەعرووف، 2020: 216)، لە توانایاندایە لە دروستەی خستنەپاڵدا جێکەوتەی ئاوەڵناو، کە دەکاتە لای چەپی دروستەکە، بگرنو هەروەک ناوە ئاوەڵناوییەکان پڕۆژەی فرێزی ئاوەڵناوی (بڕوانە نموونەکانی _١٩_)و پڕۆژەی پێش_فرێزی ئاوەڵناوی (بڕوانە نموونەکانی _٢٠_)یش بەرهەمبهێنن.

(١٩) ا- کرێکاری/ کرێکارێکی زۆر لە پڕۆژەکەدا کاردەکەن.

ب- میوانی/ میوانێکی کەمر بۆ ئاهەنگەکە هاتبوون.

(٢٠) بەشە زۆرەکەت بۆ خۆت بردو بەشە کەمەکەت بە من دا.

## ٢/٢) جێکەوتەو پڕۆژەی فرێزی ئاوەڵکرداری

هەروەک چۆن لە وەچەپاری پێشوودا بەر لە باسکردنی پڕۆژە ئاوەڵناوییەکان پەیوەست بە جێکەوتەوە، لەبارەی ئەو پڕۆژە سینتاکسییانەوە دواین، کە ئاوەڵناو خۆی وەک توخمێکی فەرهەنگیی بەدەسەڵات بونیاتیاندەنێت، لێرەشدا سەرەتا ئاماژە بەو فرێزە ئاوەڵکرداریانە دەدەین، کە ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکان** سازیاندەکەن، چونکە لە بنەڕەتدا (AdvP) پڕۆژەی ($Adv^0$)یەو "ئاوەڵکردارەکان وەک سەری ڕێزمانیی فرێزە ئاوەڵکرداریەکان گۆدەکەن". (Aarts, B., 2001: 46). وەک ئاشکرایە (AdvP)یەکان بە گشتی لەلایەن پریدیکاتەوە داواناکرێن، هەربۆیە جێکەوتەی نۆدێکی بنەڕەتی لە ئەسکەلەی (X-bar)دا ناگرن، بەڵکو بە یەکێک لە پڕۆژەکانی بەشەکردار (Predicate)دا هەڵدەواسرێن. ئەگەر (AdvP)یەکە بەرهەمی ئاوەڵکرداری کاتی بێت، بەهۆی ئەوەی ئاوەڵکرداری کاتی تافی ناو کردار مارکەدەکات، فرێزە ئاوەڵکرداریەکە بە (TP)دا هەڵدەواسرێت، بەڵام ئەگەر ئاوەڵکرداری شوێنی، یان چۆنیەتی فرێزەکەیان دروستکردبێت، ئەوا بەوپێیەی ئەو دوو ئاوەڵکردارە زانیاری دەربارەی شوێنو چۆنیەتیی ڕوودانی کردەی کردار/ نیشاندانی باری کردار دەدەن، هەڵواسینی فرێزە ئاوەڵکرداریەکە بە (VP)دا دەبێت. بڕوانە (٢١)و هێڵکاریی (9).

(٢١) ا- من زوو گەیشتم.

ب- تۆ درەنگ هاتیت.




هێڵکاریی (٩)

* (Tahir, R., 2018: 154-156) پێیوایە وشەی /زۆر/ی پێش ئاوەڵناو، کە هەمبەر بە /very/ی زمانی ئینگلیزی دەوەستێت، پلە (degree)یە، بەڵام وشەی /زۆر/ی پێش ناو، کە هەمبەرە بە /many, much/، ڕادە (quantifier)یە. هاوکات وایدادەنێت، کە /زۆر/ی ڕادە (واتە many, much) لەگەڵ وشەی /کەمر/ "little/ few" لەڕووی کەتیگۆریی گۆکردنەوە ئاوەڵناون، هەربۆیە بە ڕادەی ئاوەڵناوی (adjectival quantifier) ناویبردوون. لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا، (مەعرووف، 2020: 216) باوەڕیوایە، کە /زۆر/و /کەمر/ لە فەرهەنگدا پلەن، بەڵام دەکرێت لە جێکەوتەی ڕادە (پێش ناو)دا بێن، بەوەش دەبن بە "ڕادەئاسا". بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕادە لە جێکەوتەی پلە (پێش ئاوەڵناو)دا بێت، ئەوا دەبێتە "پلەئاسا".

** (مەعرووف، 2020: 195)و (سەعید، ٢٠٢٠: ١٧٥) پێیانوایە، کە لە زمانی کوردیدا تەنها وشەکانی /زوو، درەنگ/ ئاوەڵکرداری فەرهەنگی (Adverb)ن، بەڵام بە بۆچوونی (مەحویی، ٢٠١٣) گرووپی ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکان (کە ئەو بە ئاوەڵکرداری بنەڕەتی ناویاندەبات) فراوانترە بەدەر لەو دوو وشەیە، فۆڕمەکانی وەک /ئێستا، دێر، . . . /یش دەگرێتەوە.

وەک لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، فرێزە ئاوەڵکرداریەکانی (٢١-ا)و (٢١-ب) بە (TP)دا هەڵواسراون، نەک بە (VP)دا، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە ئاوەڵکرداره فەرهەنگییەکان لە جۆری ئاوەڵکرداری کاتین، بەڵام بشڕوانە هێڵکاریی (10)و (11).

لەو ڕوانگەیەوە، کە "تەنها فۆرمی ئاوەڵکردارەکە بۆ ئاوەڵکرداریێتیی فۆرمەکان گرنگ نییە، بەڵکو بڕیاردەر جێکەوتەکانی ناو دروستەکانیشن". (مەحویی، ٢٠١٣: ٢٥٠)، ناوەکان، ئەوانەیان، کە هەڵگری نیشانەی کاتو شوێنن، هەرچەندە لە لیڤڵە فەرهەنگییەکەدا ناونو دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام لە نواندنو لیڤڵە سینتاکسییەکەیاندا دەتوانن لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەربکەونو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵکرداریی کاتیو شوێنی بەرهەمبهێنن. کەواتە "نیشانەو جێکەوتەی سینتاکسیی بەرهەمهێنەری ئەو ئاوەڵکردارانەن، کە لە فەرهەنگی زمانەکەماندا نیین". (مەعرووف، 2020: 199). بڕوانە (٢٢)و هێڵکاریی (١٠).

(٢٢) ئێمە نیوەڕۆ لە فڕۆکەخانە ئەومان بەڕێکرد.




هێڵکاریی (١٠)

/نیوەڕۆ/و /فڕۆکەخانە/ خۆیان ئەندامی پۆلەڕەگەزی ناون، هەربۆیە لە بونیاتانی پرۆژەی فرێزی دیارخەریدا بەشداردەبن (بڕوانە نموونەکانی _٢٣_)، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەروازەی فەرهەنگیی ئەو ناوانەدا نیشانەی کاتو شوێن هەیە، بۆیە مۆڵەتی ئەوەیان پێدەدرێت، کە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا ڕووبدەن. سەرباری هەڵواسینی هەریەکێکیان بە فرێزێکی جیاوازەوە (پێشتر هۆکاری ئەمە ڕوونکراوەتەوە)، جیاوازیی نێوان ناوی کاتو ناوی شوێن پەیوەست بە ئەرکی ئاوەڵکرداریەوە لەوەدایە، کە ناوی شوێن بەبێ یارمەتیی پێشناوێک ناتوانێت پرۆژەی (AdvP) دروستبکات، کەچی ناوی کات وابەستەی قەیدو مەرجێکی لەو شێوەیە نییە.

(٢٣) ا- هێشتا ژەمی نیوەڕۆم نەخواردووە.

ب- فڕۆکەخانەکە گەشتەکانی ڕاگرت.

بەوپێیەی "ئاوەڵناوەکان بەپێی جێکەوتە سینتاکسییەکانیان لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن"، (Longobardi, G., 2001: 577)، بەهۆی هەبوونی نیشانەی [+ چۆنیەتی]یەوە تیایاندا*، دەبنە یەکێکی دیکە لەو پۆلەڕەگەزانەی، کە بشێت جێکەوتەی ئاوەڵکردار بگرنو پرۆژەی فرێزی ئاوەڵکرداری سازبکەن. بڕوانە (٢٤-ا)و هێڵکاریی (١١).

* لەبارەی بەرهەمهێنانی پرۆژەی (AdvP) لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو، (سەعید، ٢٠٢٠: ٢٠٢) دەڵێت: "بەگشتیی، ئەو ئاوەڵناوانەی ئارگۆمێنت_داواکراوەکانیان فیچەری [+ مرۆڤ]یان هەن، بۆئەوەی وەک ئاوەڵکردار ڕووبدەن، دەبێت مۆرفۆلۆژییانە بەهۆی لاگری /_انە/وە لەئاوەڵناوبخرێنو ئەو توانا سینتاکسییەیان پێبدرێت. بڕوانە: {دڵسۆزانە، ڕاستگۆیانە، شەرمنانە، بوێرانە، سەربەرزانە، ئازایانە،...تاد}،

(٢٤) ا- وەڵا هەرزان خانووەکەت فرۆشتووە!

ب- لەم گەڕەکە کوا خانووی هەرزان هەیە!




هێڵکاریی (١١)




هێڵکاریی (١٢)

/هەرزان/ لە فەرهەنگدا وەک پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو تۆمارکراوە، هەربۆیە بونیاتی پرۆژەی ئاوەڵناوی دەنێت (بڕوانە نموونەی "٢٤-ب"و هێڵکاریی "١٢")، بەڵام بەکاربردنی لە جێکەوتەی ئاوەڵکردار لە (٢٤-ا)دا وایکردووە، کە گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکرداریی هەبێتو پەسنی چۆنیەتیی ڕوودانی کردەی کرداری ڕستەکە بکات، هەر لەبەرئەوەشە بە (VP)دا هەڵواسراوە.

ماوەتەوە بڵێین، کە پلەکانی /زۆر، کەم/ هەر بەو جۆرەی بەکارهێنانی ئاوەڵناویان هەبوو، بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری ( adverbial usage)یشان هەیە. لە بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریدا /زۆر، کەم/ چەمکی چەندێتی دەگەیەنن، کە ئەویش زانیارییەکە لە ناواخنی کردارەکە خۆیدا نییەو تیایدا هەڵنەگیراوە. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(٢٥) ا- سیروان کتێب زۆر دەخوێنێتەوە.

ب- سارا مۆبایل کەم بەکاردەهێنێت.

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە، بریتین لە:

١. ئەو پۆلەڕەگەزانەی، کە لە دەروازە فەرهەنگییەکەیاندا نیشانەی پۆلەڕەگەزێکی دیکە هەیە، دەتوانن لە جێکەوتەی پۆلەڕەگەزەکەی دیکەدا گۆبکەنو ڕووبدەن.

٢. بە ڕوودانیان لە جێکەوتەی پۆلەڕەگەزێکی دیکەدا، توخمە هاوفۆڕمەکان/ پۆلەڕەگەزە نیشانەکراوەکان دەروازە فەرهەنگییەکەیان لەدەستدەدەنو دەبنە خاوەنی دەروازەیەکی سینتاکسی.

٣. مەرج نییە هەمیشە هۆکاری بونیاتنانی پرۆژەیەکی سینتاکسی لە ڕێگەی جێکەوتەوە، کەمیو سنووردارییی ژمارەی (X)ێک بێت لە فەرهەنگدا.

٤. هاوشێوەی ئاوەڵناوەکان، بەهۆی جێکەوتەی سینتاکسییەوە ناوە نیشانەکراوە ئاوەڵناوییەکان (ئەو ناوانەی ئەدگاری ئاوەڵناوییان هەیە)و پلەکان لەبارياندادەبێت، کە پرۆژەی ئاوەڵناویی جیاواز (پرۆژەی فرێزیو پرۆژەی پێش_فرێزی) بەرهەمبهێنن.

---

بەپێچەوانەوە ئەو ئاوەڵناوانەی، ئارگۆمێنت بە فیچەری [± مرۆڤ]ەوە داوادەکەن، تەنها هەبوونی فیچەری [+ چۆنیەتی] تێیاندا، بەسە بۆئەوەی هەردوو گۆکردنەکەیان هەبێت، بڕوانە /باش، چاک، پیس،...تاد/.

٥. بەدەر لە ئاوەڵکرداری فەرهەنگی، دەکرێت بە یارمەتیی جێکەوتەی سینتاکسی، پڕۆژەی (AdvP) لە کەتیگۆرییەکانی ناو (ناوی کاتو ناوی شوێن)و ئاوەڵناوو پلە سازبکرێت.

## سەرچاوەکان

### • بە زمانی کوردی:

- سەعید، سازان زاهیر (٢٠٢٠)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەد (٢٠١٣)، ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداریی و ناوی کات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٤٢).
- مەحویی، محەمەد (٢٠١٤)، ئاوەڵناوی کوردیی لە نێوان تیۆری و تایبەتمەندییەکانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٤٤).
- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
- والی، هەژار حسێن (٢٠٢٣)، پارامێتەر لە سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

### • بە زمانی ئینگلیزی:

- Aarts, B. (2001), English Syntax and Argumentation, Second edition, Palgrave Macmillan.
- Baltin, M. (2001), A-Movements, In: M. Baltin & Ch. Collins, *The Handbook of Contemporary Syntactic Theory*, Oxford: Blackwell, 226-254.
- Borsley, R. D. (2003), Syntactic Theory: A Unified Approach, Second Edition, London: Arnold, a member of the Hodder Headline Group.
- Chomsky, N. (1988), Lectures on Government and Binding (The Pisa Lectures), Fifth edition, Foris Publications Holland.
- Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth edition, Oxford: Blackwell Publishing.
- Degand, L. & Fagard, B. (2011), Alors between discourse and grammar: The role of syntactic position, Functions of Language, 18 (1), 29–56.
- Gamallo, P. & Agustini, A. & Lopes, G. (2005), Clustering syntactic positions with similar semantic requirements, Computational Linguistics, 31(1): 107–146.
- Gelderen, E. V. (2017), Syntax: An Introduction to Minimalism, John Benjamins Publishing Company.
- Haegeman, L. (1996), The typology of syntactic positions: L-relatedness and the A/A' distinction, In: W. Abraham, S. Epstein, H. Thrainsson and C. J. W. Zwart (Eds.), *Minimal Ideas*, Amsterdam and Philadelphia: John Benjamins.
- Kenstowicz, M. (1994), Phonology in Generative Grammar, Oxford: Blackwell.
- Lasnik, H. & Depiante, M. & Stepanov, A. (2000), Syntactic Structures Revisited: Contemporary Lectures on Classic Transformational Theory, Cambridge, Massachusetts: MIT press.
- Longobardi, G. (2001), The Structure of DPs: Some Principles, Parameters, and Problems, In: M. Baltin & Ch. Collins, *The Handbook of Contemporary Syntactic Theory*, Oxford: Blackwell, 562-603.
- Mahajan, A. K. (1989), Agreement and Agreement Phrases, In: I. Laka and A. Mahajan (Eds.), MIT Working Papers in Linguistics, Volume 10.
- Meltzer-Asscher, A. (2012), The subject of adjectives: Syntactic position and semantic interpretation, The Linguistic Review, 29 (2): 149–189.
- Rizzi, L. (1991), Proper Head Government and the Definition of A-positions, Paper Presented at the GLOW conference, Leiden.
- Roca, I. (1994), Generative phonology, London: Routledge.
- Rosen, S. (2007), Structured Events, Structured Discourse, In: G. Ramchand & Ch. Reiss (Eds.), *The Oxford handbook of linguistic interfaces*, Oxford: Oxford University Press, 181-208.
- Tahir, R. Sh. (2018), The Structure of DP In Central Kurdish, PhD dissertation, Faculty of Humanities, Arts and Social Sciences, Newcastle University.
- Tao, Y. (2015), The neural representation of polysemy: The case of dot-objects, PhD dissertation, University of Trento.
- Trask, R. L. (1993), A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London: Routledge.

# المشاريع النحوية مرتبط بالموضع
# (مشروع العبارة الوصفية والظرفية كمثالاً)

**هژار حسين والى**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة چرمو،
چمچمال، أقليم كوردستان، العراق
hazhar.wali@chu.edu.iq

**عبدالجبار مصطفى معروف**
قسم اللغة الكوردية، كلية اللغة، جامعة السليمانية،
السليمانية، أقليم كوردستان، العراق
abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**الملخص**

أكد النحو التوليدي خاصة في نظرية الحكم والربط النحوي على ما يلي: (ا) المشاريع النحوية من انتاج المعجم ويكون المعجم المصدر الاساسي لها، (ب) تكون الرؤوس النحوية هي الحاملة لإسماء المشاريع، لكن في هذا البحث نتساءل فيما إذا كان كل مشروع نحوي، هل يجب أن يكون نتيجة لـ (X) محدد؟ أو هل من الممكن لفئة معجمية واحدة أن تنتج مشروعين نحويين مختلفين؟ حاولنا في هذا البحث أن نجيب على تلك الاسئلة مستندين لثلاثة فرضيات: (ا) فرضية فئتان معجميتان ببوابتين دخول معجمية، (ب) فرضية فئة معجمية واحدة ببوابتين دخول معجمية، (ج) فرضية فئة معجمية واحدة ببوابة دخول معجمية واحدة. في هذا البحث عملنا على بناء تلك المشاريع النحوية (مشروع العبارة الوصفية والظرفية كمثالاً)، التي الفئات الدالة تنتجها بواسطة الموضع. وقد أظهرت نتائج البحث أن بمساعدة المواضع النحوية يُمكن انتاج المشروع الوصفي عن طريق "الاسمي الدالي (اسم الوصف) والدرجة"، والعبارة الظرفي عن طريق "اسم الزمان واسم المكان والصفة والدرجة".

**الكلمات المفتاحية:** المعجم، دخول المعجمية، الموضع، مشروع الوصفية، العبارة الظرفية.

# Syntactic Projections Concerning Syntactic Positions
# (Adjectival Phrase and Adverbial Phrase Projections as Examples)

**Hazhar Hussein Wali**
Kurdish department, College of Education, Charmo University, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq
hazhar.wali@chu.edu.iq

**Abduljabar Mustafa Maroof**
Kurdish department, College of language, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**Abstract**

Within the context of Generative Grammar particularly in the government and binding theory, it has been insisted that: (a) syntactic projections originate and are projected in lexicon. (b) The heads bear the name of the projections. However, in this study, we have worked on constituting the syntactic projections (adjectival phrase and adverbial phrase projections as examples) in which the marked categories form them through their syntactic positions. Through raising questions such as: Does each syntactic projection have to be the consequence of a specific (X)? Or rather, is it possible for a single lexical category to form two different syntactic projections? In which a proper answer has been attempted to be obtained within the framework of three assumptions: (a) the assumption of two lexical categories with two lexical entries. (b) The assumption of a single lexical category with two lexical entries. (c) The assumption of a single lexical category with a single lexical entry. The study has reached the conclusion that it is possible to develop adjectival projections from “marked nouns (the nouns that bear adjectival features) and degrees”, as well as adverbial phrases from “time and place names along with adjectives and degrees”, with the help of syntactic positions.

**Key words:** lexicon, lexical entry, position, adjectival projection, adverbial phrase.